گەنجێک لە قەزای کەلار لەلایەن دوو هاوڕێیەوە دەکوژرێت

گەنجێکی دانیشتوی قەزای کەلار بە ناوی (عەبدولڵا ساڵح جەمیل) لە دایکبووی ساڵی 2003، لە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممەوە لە ماڵ دەرچووبوو و نەگەڕابووەوە.

دواجار ڕۆژی دووشەممە 30ـی کانوونی یەکەمی 2024، دوابەدوای ڕووداوەکە ئاسایش دوو کەس دەستگیردەکەن بە گومانی هەکاری لە نەبوونی عەبدولڵا ساڵح-ی تەمەن 21 ساڵ و دان بە کوشتنی ئەو گەنجەدا دەنێن.

سەرچاوەیەک لە ئاسایشی گەرمیان ڕایگەیاند: ئەو دوو کەسەی دەستگیرکراوە هاوڕێی کوژراوەکەن و بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەرکەوتووە بە دزینی ئۆتۆمبێلەکەی کوشتویانە، تا ئێستاش تەرمی کوژراوەکە نەدۆزراوەتەوە.